# ڕێفرەندۆم و گەمەی سیاسی

سەلاحی گەرمیان / سیدنی

وەك ئاشکرایە بەهۆی ئەو بارە جیۆپولەتیکیەی کە سەپێنرا بەسەر کوردستاندا، ناوچەکە ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە و چەندین بزوتنەوەی رزگاریخوازی بەرپا کرا، ساڵەهای ساڵ گەلی کورد لە خەباتدایە دژ بە ستەمی نەتەوایەتی و چەندین حیزب و رێکخراوەی سیاسی بە رێبازی جوراوجور پێکهێنرا و بەبەردەوامی کوردستان گورەپانی شەڕ بووە لە نیوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی و رژێمە دەسەلأتدارەکان. مەینەتی و ماڵویرانی وکۆیرەوەری و ویرانکاری وقرکردن بوتە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان تەنها لە بەر ئەوەی خوازیاری ماف نەتەوایەتی خۆیەتی. هەر لە سەرتای بەرپابوونی بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستان تا ئەمرۆ چەندین دروشمی بریقەدار لەلایەن حیزبە سیاسیەکانی کوردستانەوە بەرز کراونەتەوە کە رەنگدانەوەی خواستی خەڵکی کوردستان بوون و هەر لایەنێك لە هەوڵدانی ئەوەدا بووە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان ڕاکێشێ بەلای خویدا لە ململانێی سیاسی گۆرەپانی کوردستاندا. هەر لە دروشمی " یان کوردستان یان نەمان " تا ئەگاتە "ماف چارەی خۆنوسین" و بەرپاکرنی ڕیفرەندۆمێکی ئازاد بۆ خەڵکی کوردستان. بەلأم هەڵگرانی ئەو دروشمانە لە بارەی عەمەلییەوە نەك هەر کاریان بۆ نەکردوە بەڵکو بەپێچەوانەوە دژ بە خواست و ئاواتی خەڵکی کوردستان کاریان کردوەو جەماوەری خەڵکیان کردۆتە قوربانی بەرژەوەندی بازاری سیاسی و حیزبایەتی، تا کار گەیشتوەتە ئەوەی هەڵگرانی ئالأی کوردایەتی داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی عیراق ئەکەن لە کاتێکدا هەڵگرانی ئالأی یەکبوونی چینی کرێکاری عیراق داوای ریفرەندۆم بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عیراق ئەکەن.

کەس نیە ئەو ڕاستیە نەزانێت کە نەخشەی سیاسی ئیستای وولأتانی رۆژهەلأتی ناوەڕاست دەستکردەی وولأتە کۆلۆنیالیستەکانی سەرکەووتوی شەری جیهانی یەکەم بوون و بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان رێکەوتنامەیان مۆرئەکرد و قەوارەی نویان دروست ئەکرد و خاکی گەلانیان دابەش ئەکرد بەبێ هیچ ئاوردانەوەیەك لە خواستی گەلانی ناوچەکە بە بیانووی دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆری عوسمانی کە لەدوای دەسەلأتی زیاتر لە شەش سەدە بەسەر گەلانی ناوچەکەدا لەبەردەم سوپاکانی ئینگلیز و فەرەنسا چوکی دادا. عیراق وەك یەکێك لەو قەوارە سیاسیانە لە لایەن بەریتانیاوە لە ساڵی 1921 دامەزراو وپاشان ولایەتی موسڵ کە زوربەی خاکی کوردستانی عیراقی ئەگرتەوە لکێنرا پێوەی بەبێ هیچ ئاوردانەوەیەك لە خواست و چارەنووسی گەلی کورد.

تۆ بڵێ ئەو ڕاستیە لای بەرێز جەلال تاڵەبانی شاراوە بێت، ئەگەر نا، ئەی ئەو لێدوانەی بۆ چەنالی سەتەلایتی تەلەفزیۆنی کوەیت ماوەیەك لەمەوبەر لە کاتی سەردانی فەرەنسا، لە گەمەیەکی سیاسی پەردە لەسەر هەڵماڵراو بەولاوە چی ئەگەیەنێت کە لەوێدا ووتی: " <u>ئێمە عیراقمان دانەناوە، عیراق کە عەرەب و کورد وترکمان و ئاشوری تیدایە، خوا هێناویەتە کایەوە</u> " واتا ئینگلیز هیچ رۆلێکی لە دامەزراندنی نەخشەی عێراق نەبوە و ئەو قەوارە سیاسیەی عێراق کارێکی خواییە هەر لە ئەزەلەوە و کوردیش بە فەرمانی خوا ئەبێت بەشێك بێت لە گەلی عێراق بە واتایەکی تر یەکپارچەیی خاکی عیراق کارێکی خواییە.

ئیستا لە کاتێکدا هەوڵ وتەقەلایەك لە ئارادایە وجولأنەوەیەك کەوتوەتە گڕ بۆ سەپاندنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد لە کوردستاندا وەك مافێکی سادەی گەلی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خوی وەك هەموو گەلانی تری جیهان کە لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە سەروکی ئەو کاتەی ئەمریکا ویلسن بانگیشەی بۆ کرد و پیشەوای شۆرشی ئوکتۆبەر لینین بە ماف ڕوای گەلانی دانا، لە پاش 85 ساڵ بە سەر ئەو بانگاوازانەدا و بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕیفرەندۆم سادەترین مافە بێ سڵکردنەوە پێویستە بیسەپێنرێت بە سەر واقعی ئەمروی دونیای سیاسەتدا وبەهەموو توانایەکەوە دەبێت بکرێتە دروشمی سەرەکی خواستی خەڵکی کوردستان وچیتر رێگا نەدرێت بە گەمەی لایەنە سیاسیەکان کاربکاتە ڕەوتی بەدیهینانی رزگار بوون لە ستەمی نەتەوایەتی.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.